هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس الـوزراء

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٦٤) لە ٢٠٢٠/٧/١

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر ڕاسپاردەکانی لیژنەی ڕاسپێردراو بە پێداچوونەوەی بواری باج لە هەرێمی کوردستان پێکهاتوو بە فەرمانی ژمارە (٧٠٦) لە ٢٠٢٠/٣/٢٢ بە سەرۆکایەتی بەڕێز سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٢) لە ٢٠٢٠/٧/١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:**

١. دەبێت گشت پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کە مۆڵەتیان لە دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە و ماوەی بەخشینەکانی باج و گومرگ کە لەبەر ڕۆشنایی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٦ وەریانگرتبوو تەواو بووە، لە ڕۆژی تەواوبوونی ماوەی بەخشینەکەوە باجیان لەسەر ئەژمار بکرێت، و لە کاتی سەرپێچیدا ڕێکاری یاساییان لە بەرامبەر وەردەگیرێت، و لە دوای تەواوبوونی ماوەی بەخشینەکە هەموو نووسراو و بڕیارێکی بەخشین هەڵدەوەشێتەوە و کاری پێناکرێت.

٢. ڕاسپاردنی (دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی پەیڕەوی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە پیادەکردنی پیشەی چاودێری و وردبینی هەژمارەکان و پێکهێنانی (ئەنجومەنی پیشەی چاودێری و وردبینی هەژمارەکان لە هەرێمی کوردستان) و ڕێکارەکانی تایبەت بە پەیمانگای باڵای زانستە دارایی و ژمێریارییەکان.

٣. پشتبەستن بە (پێڕەوی تیانووسگرتنی بازرگانی بۆ مەبەستەکانی باجی دەرامەت ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٥ لە هەرێمی کوردستان-عێراق هەموارکراو بەپێی پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩) بۆ هەژمارکردنی باج لەسەر گەورە باجدەران و پابەندکردنیان بە پێشکەشکردنی هەر دەفتەرێکی بازرگانی و بەڵگەنامەیەك کە ڕاستی و دروستیی داهاتی بەدەستهاتوو دەخاتەڕوو، و وازهێنان لە خەمڵاندنی لەگۆترە (التقدير الجزافي) کە ڕاست و دروستی قازانجی بەدەستهاتوو لەلایەن ڕاسپێردراو بە پێدانی باج ناخاتەڕوو.

٤. هەڵوەشاندنەوە و ڕاگرتنی گشت ئەو بڕیار و فەرمان و نووسراوانەی لێخۆشبوون لە باج لە هەر سەرچاوەیەکەوە دەرچوو بن ئەگەر لە دەرەوەی یاسا پەیوەندیدارەکاندا درا بن لەبەر ئەوەی لێخۆشبوون لە باج بەپێی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٢٨) لە دەستووری فیدراڵی عێراق تەنها بە دەقی یاسایی ئاشکرا دەبێت و تەنها بۆ ئەم مەبەستانەی کە لە پێناویدا لێخۆشبوونەکە دراوە.

**دووەم: باج لە بواری نەوت وگاز و بواری پەیوەندی وگەیاندن:**

**١. باج لە بواری نەوت وگاز:**

أ) ڕاسپاردنی تیمێکی شارەزا لە نوێنەرانی (نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، و پرۆژەی وردبینیکردنی کۆمپانیای (دیلۆیت)ی نێودەوڵەتی بۆ داهات و خەرجییەکانی پرۆسەی نەوت) بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەر بابەتی باج لە گرێبەستە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، و مەرجەکانی گرێبەستی لە هاوبەشیکردن لە بەرهەمهێنان ( Production Sharing Contract)، و یاساکانی باج لە هەرێمی کوردستان و بەراوردکردنیان لەگەڵ مەرجە داراییەکانی ئەو گرێبەستانە، و ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان هاتوو لەو گرێبەستانە بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی و بنەمای هاوسەنگی لەم بوارە بە گوێرەی ئەو ڕێکار و میکانیزمانەی لە گرێبەستەکاندا هاتوون.

ب) دەبێت کۆمپانیاکانی گشت بواری خزمەتگوزاریی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان لەناویشیاندا کۆمپانیاکانی بواری (ژمێریاری و وردبینی، ئەندازیاری، سیکیوریتی و ئاسایش، خزمەتگوزاریی یاسایی وەرگرتنی ئیقامە و ڤیزا، و... ئەوانی دیکە) باجی پێویست بەپێی یاسا بەرکارەکان بدەن، و ڕاسپاردنی هەریەك لە (بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پشکنین و سانسۆری ناوخۆ لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باجەکان و خانووبەرە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری، و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆماری کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) بۆ پێداچوونەوە بە دۆسێی ئەو کۆمپانیا خزمەتگوزارییانەی نەوت و گاز، و دەبێت ئەو کۆمپانیایانەی خۆیان تۆمار نەکردووە لە هەرێمی کوردستان لە ماوەیەك کە لە (٦٠) شەست ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوەیان خۆیان تۆمار بکەن لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان و لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج، بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەریان وەردەگیرێت و چالاکییەکانیان ڕادەگیرێت.

ج) دەبێت دەستەی وەبەرهێنان بە هەماهەنگیی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری لە ماوەیەک کە لە (٣٠) ڕۆژی کار تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی گەیشتنی ئەم بڕیارە پێداچوونەوەی پێویست بکات بە دۆسێی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بوارەکانی نەوت و گاز کە مۆڵەتی دەستەیان وەرگرتووە و جێبەجێکردنی حوکمەکانی ماددەی (پێنجەم) لە یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ تایبەت بە (بەخشینەکانی باج و گومرگ) کە تیایدا هاتووە دەستپێکردنی

ماوەی (١٠) دە ساڵ لێبووردن لە باج لە ڕۆژی بەرهەمهێنان بە کردەنی دەست پێدەکات نەك ڕۆژی وەرگرتنی مۆڵەتی وەبەرهێنان.

د) دەبێت ئەو کەسانەی کە لە بواری هاوردەکردنی سووتەمەنی بۆ ناو هەرێمی کوردستان کاردەکەن، چ کەسی سروشتی بن یان مەعنەوی، باجی پێویست بدەن لەسەر ئەو چالاکییە بازرگانیانەیان بە مەرجێك ئەو باجە لە داهاتی بەدەستهاتووی چالاکییەکانیان بدەن و هیچ کاریگەرییەکی نەبێت لەسەر زیادکردنی نرخی سووتەمەنی لەسەر هاووڵاتییانی بەکاربەر.

**٢. باج لە بواری پەیوەندی و گەیاندن (مۆبایل و ئینتەرنێت):**

أ) دەبێت کۆمپانیاکانی گەیاندن لە هەرێمی کوردستان ئەو شایستە داراییانە دەفع بکەن کە لە ئەستۆیانە وەك بەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی گرێبەستی هاوبەشی حکومەت و ئەو کۆمپانیایانە، یان ئەو بڕە پارانەی وەك باج یان ڕەسم یان سزای دواکەوتن لەسەریان کەڵەکە بووە، سەرەڕای ئاگادارکردنەوەیان لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە نووسراوی فەرمی.

ب) لە ئەگەری بەردەوامبوون لەسەر پشتگوێخستنی ئەم نووسراوانە و پابەندنەبوونی ئەم کۆمپانیایانە کە لە بڕگەی (أ)ی سەرەوەدا ئاماژەیان پێدراوە، دەبێت وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە هەماهەنگیی وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێکاری یاسایی پێویست وەربگرێت لەبەر ڕۆشنایی یاسای بەدەستخستنی قەرزە حکومییەکان ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧ی هەمواركراو، سەرەڕای ڕێکارە یاسایی و کارگێڕییەکانی پەیوەندیدار بە ڕاگرتنی چالاکیی کۆمپانیاکان تاوەکو ئەو شایستە داراییانە پاکتاو دەکەن.

ج) ڕاسپاردنی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە هەرێمی کوردستان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان (CMC)ی فیدراڵی بە مەبەستی دابینکردنی بەشی هەرێمی کوردستان لە باجی فرۆشتنی سەر کارتی مۆبایل بەپێی ڕێژەی فرۆشتنی کارت لە هەرێمی کوردستان کە ڕێژەی بەشداربووان و فرۆشتنی کۆمپانیاکانی (کۆڕەك، ئاسیاسێل، و زین العراق) لە هەرێمی کوردستان زۆرە و بەهۆی ئەوەی ئەم باجە لەلایەن هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستانەوە دەدرێت، پێویستیشە لە خزمەتیاندا خەرج بکرێتەوە.

د) پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی مۆبایل کە قەرزاری باجی هاتوو لە بڕگەی (ج)ی سەرەوەن پێداچوونەوە بە خشتەی دانەوەی قەرزەکان بکەن (إعادة جدولة الديون) بە شێوەیەکی گونجاو و کەمکردنەوەی ئەو ماوەیەی کە قیستەکانی لەسەر دابەشکراوە.

هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

ه) دەبێت کۆمپانیاکانی بواری خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت، کە گرێبەستی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، باجی پێویست بدەن بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە مەرجێك دیسان کاریگەریی لەسەر کواڵێتی و نرخی خزمەتگوزارییەکە نەبێت.

**سێیەم:**

دەبێت وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی وەزارەتی پلاندانان پلانێکی گشتگیر و بەرفراوان بۆ بواری باج لە هەرێمی کوردستان دابڕێژێت، سەرەڕای پێداچوونەوەیەکی گشتگیر لە سەرجەم یاساکانی باج لە هەرێمی کوردستان لەسەر پێوەری نوێ بە ئاراستەی هێنانەدیی وەزیفەی باج و ئاسانکاریی پێویست بۆ باجدەران و پەیڕەوکردنی دادپەروەری و دابەشکردنەوەی داهات و سامان لە سەپاندنی باجدا و بەرگرتن لە خۆدزینەوە لە دانی باج و برەودان بە شەفافییەت لەم بوارە.

**چوارەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران